# هەر مسوڵمانێک بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت، وپاشان هەڵسێت ودوو ڕکات نوێژ بکات، بە شێوەیەک سەرنجی دڵ وڕووی لە لای نوێژەکە بێت؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە مسۆگەر کراوە

لە عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەرکی بایەخدان بە وشترەکان بە ئێمە سپێردرا بوو، ونۆرەی من هات لە ئێوارەدا گەڕامەوە وگەیشتم بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کە وەستا بوو وقسەی بۆ خەڵکی دەکرد وبیستم کە دەیفەرموو: «هەر مسوڵمانێک بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت، وپاشان هەڵسێت ودوو ڕکات نوێژ بکات، بە شێوەیەک سەرنجی دڵ وڕووی لە لای نوێژەکە بێت؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە مسۆگەر کراوە»، دەڵێت: ووتم: «چەند وتەیەکی بە نرخە»، دەستبەجێ لەوێدا گوێم لە کەسێک بوو لە پێشمدا ووتی: «ئەو وتەی پێشووتر بە نرختر بوو»، سەیرم کرد عومەری کوڕی خەتابە، ووتی: «بینیم تۆزێک پێش ئێستا هاتیت»، پاشان ووتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێکتان بە جوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرێت وپاشان بڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدًا عبد الله ورسوله)^؛ ئەوا هەر هەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە لە هەردەرگایەک بیەوێت دەچێتە ژوورەوە». ^(واتا: شاهێدی دەدەم بەوەی هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله، وشاهێدی دەدەم بەوەی کە موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەری خودایە)

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێك قسەی بۆ خەڵکی دەکرد؛ فەزڵ وپاداشتی مەزنی دوو کردەوەی ڕوونکردەوە: یەکەم: هەرکەسێك بە ڕێکی وجوانی دەستنوێژ بگرێت بەو شێوەیەی لە سوننەتدا هاتووە، وهەر ئەندامێك مافی خۆی پێبدات؛ پاشان بڵێت: (أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدًا عبد الله ورسوله) واتە: (شاهێدی دەدەم بەوەی هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە الله، وشاهێدی دەدەم بەوەی کە موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەری خودایە) ؛ ئەوا هەر هەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە ولە هەرکامێکیان بیەوێت دەچێتە نێویەوە. دووەم: هەرکەسێك بەم شێوە ڕێك وکامڵە دەستنوێژ بگرێت، پاشان لەپاش دەستنوێژگرتن دوو ڕکات نوێژ بکات؛ بە دڵسۆزی وخشوعەوە وڕوو وهەموو ئەندامەکانی لاشەی ملکەچ بن بۆ الله، ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەم کەسە مسۆگەر کراوە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee